# لەبەر کورتی ڕۆژگار  ئەیەوێت قەزای ڕۆژووەکانی بخاتە وەرزی زستانەوە

[ کردي – کوردی – kurdish ]

لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆلینەوەی زانستی و فەتوا و بانگەواز و ڕێنمایی

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# يريد تأجيل قضاء رمضان إلى الشتاء لأن أيامه قصيرة

« باللغة الكردية »


اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء والدعوة والإرشاد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2012 - 1433

IslamHouse.com

# لەبەر کورتی ڕۆژگار  ئەیەوێت قەزای ڕۆژووەکانی بخاتە وەرزی زستانەوە

**پرسیار** : ئایا حوکمی قەزاکردنەوەی ڕۆژووی ڕەمەزان لە وەزری زستاندا چیە، چونکە وەك هەموو لایەك دەزانین کە وەرزی زستان ڕۆژەکانی کوورتن ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

ئەو کەسەی لەبەر هەر هۆیەك ڕۆژێك لەڕۆژەکانی مانگی ڕەمەزانی نەگرت، پێویستە لەسەری پێش ئەوەی ڕەمەزانێکی تر بێتەوە قەزایان بکاتەوە و بیانگرێتەوە، جا لە وەزری زستاندا بێت یان لە هەر وەرزێکی تردا بێت، ئەویش بە

بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت :  ﴿ وَمَنْ كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ﴾ [ البقرة : 185 ] .

واتا :  ئەوکەسەتان نەخۆش و لەش بەبارە، یا لەسەفەرەو رێبوارەو، رۆژووەکەشی دەشکێنێت، دەبێ لە رۆژانی دیکەدا، بەقەزا بیگرێتەوە .

هەروەها بە بەڵگەی ئەم ئەثەرەش کە هاتووە :  « ثبت عن عائشة (رضي الله عنها ) يكون عليها القضاء فما تقضيه إلا في شعبان لمكان رسول الله صلى الله عليه وسلم » .

**واتا :** لە دایکمان عائیشەوە (خوای لێ ڕازی بێت) جێگیر بووە کە قەزای ڕۆژووی مانگی ڕەمەازنی لەسەر بووە، لەبەر خاتری پێغەمبەری خوا (صلی اللـه علیـه وسلم) قەزای نەدەکردنەوە تا مانگی شەعبان دەهاتەوە .

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دروستە گرتنەوەی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان دوابخرێت بۆ هەر کاتێك کە مرۆڤ خۆی دەیەوێت، وەرزی زستان بێت یان هەر وەرزێکی تر بێت .

خوای گەورە پشت و پەنای هەمووان بێت .

شێخ عبد العزیز بن باز، و شێخ عبد الرزاق عفیفي، و شیخ عبد الله بن غدیان

(فەتواکانی لیژنەی هەمیشەیی بۆ فەتوادان و لێکۆڵینەوەی زانستتی، کۆمەڵەی دووەم بەرگی 9 / لاپەڕە 278 )